# ئەگەر دوو مسوڵمان ڕووبەڕووی یەکتر ببنەوە بە شمشێرەکانیان ئەوا بکوژ وکوژراو لە دۆزەخدان

لە ئەبی بەکرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: گوێم لە پێغەمبەری خودا بوو -صلى الله عليه وسلم- کە دەیفەرموو: «ئەگەر دوو مسوڵمان ڕووبەڕووی یەکتر ببنەوە بە شمشێرەکانیان ئەوا بکوژ وکوژراو لە دۆزەخدان». دەڵێت: ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا زانیمان سەبارەت بە بکوژەکە، ئەی بۆچی کوژراوەکە دەچێتە دۆزەخەوە؟ -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «چونکە ئەو سوور بوو ومەبەستی کوشتنی هاوەڵەکەی بوو».
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە ئەگەر دوو مسوڵمان ڕووبەڕووی یەکتر ببنەوە بە شمشێرەکانیان، و هەریەکەیان مەبەستی لەناوبردنی بەرامبەر بێت؛ ئەوا بکوژ لە دۆزەخە بەهۆی ئەوەی هەستاوە بە کوشتنی برا مسوڵمانەکەی. وهاوەڵان سەبارەت بە کوژراوەکە بەلایانەوە ڕوون نەبوو: بۆچی ئەویش لەدۆزەخدایە؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێیانی ڕاگەیاند کە ئەویش لە دۆزەخە چونکە پێداگیر بوو ومەبەستی کوشتنی براکەی بوو، وئەوەی ڕێگر بوو لەمە دەستپێشخەری براکەی بوو لە کوشتنی.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4304

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee